# پرۆژەی «بلو بیم» یان تیرێژی شین

## **le** projet Blue Beam

ئالان مۆرۆ

لە فەرەنسییەوە: کاروان ئەحمەد

له ساڵی 1932 ئالدۆس هاکسێلی ڕۆمانێکی زانستی/خەیاڵی دەنوسێت بە ناونیشانی **دونیای بوێری نوێ**، چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە ساڵی 2540 و چەند سەدەی داهاتوو دەکات و ڕووداوەکان لە لەندەن ڕوودەدەن، ئەم جیهانە کە نەك یۆتۆپیا بەڵکو جۆرێك لە دژەیۆتۆپییایە، جیهانێکە کە تەکنۆلۆژیا و گەشەسەندنی زانست گەیشتووەتە ئاستێك کە چیتر مرۆڤ بە شێوەی بایۆلۆژی لە مرۆڤێکی تر لەدایکنابێت بەڵکو لەڕێگەی تاقیگەوە تۆوی ئەو منداڵە وەردەگیرێت و دواتر دەنێردرێتە بەشێك کە پاش لەدایکبوونی منداڵەکە بە شێوەیەك پەروەردەدەکرێت کە بوونی هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو جیهانەدا بە شێوەیەك کە لە ئیرادە و بیرکردنەوە دادەماڵرێت. کەلتور و هونەر و دین و فەلسەفە هیچ شوێنێکیان لەم دونیایەدا نییە و ئەگەر مرۆڤێك خەمێك کێشەیەك، ئایدیایەکی هەبێت ئەوا بەخێراترین شێوە لەڕێگەی دەرمانەوە چارەسەردەکرێت، بەجۆرێك کە بە زمانی نیچە: "دونیای دوایین مرۆڤ"ـە. لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا وا باس لە فەزای ئەم جیهانە نوێیە دەکرێت: "لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی هزرەکانەوە، لەڕێگەی ترسی سەرکوتکارییەوە تاکیان لە حاڵەتی ملکەچییەکی خوازراودا هێشتووەتەوە، ئێمە ئێستا هاتووینەتە نێو کامڵترین فۆرمی دیکتاتۆریەتەکانەوە، دیکتاتۆرێك کە ڕواڵەتی دیموکراسی هەیە، زیندانەکانی دیواری نییە بەڵام زیندانییەکان خولیای ڕاکردنیان نییە. سیستەمێکی کۆیلایەتییە کە تێیدا کۆیلەکان شەیدای کۆیلایەتیی خۆیانن".

26 ساڵ پاش ئەم ڕۆمانە نووسەر لە وتارێکی دا باس لە ئەگەرەکانی بەدیهاتنی ئەم دونیایە دەکات و دەڵێت پەرەسەندنی زانست بەو ئاقارەی کە من پێشبینیم کردبوو خەریکە هەنگاودەنێت... بەڵام ئەگەر نوسەر لەم سەردەمە بژیایە قسەی تری دەبوو، ئەویش بەدیهاتنی دونیای ڕۆمانەکەی یان نزیك لە ڕۆمانەکەی و ئەویش بەدیوێکی تردا لەنێو پرۆژی "تیرێژی شین" کە پرۆژەیەکی زۆر ترسناکی ناسایە. سەرەتای سەدەی نۆزدە کە فۆکۆ بە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای دیسپلینییەکان ناوی دەبات هەرگیز وەك ئەم فۆرمە لە سەرکوتکردن و دیسپلین ترسناك نەبووە چونکە لە کۆمەڵگای دیسپلیندا کرێکارەکانی کارگەیەك دەتوانن کارگەکە بسوتێنن یان مان بگرن یان زیندانییەك دەتوانێت لە زیندان ڕابکات یان هەرگیز مانەوە لە زیندان وەك فۆرمێکی دیسپلین ناتوانێت ئیرادەی کەسی

زیندانی تێك بشكێنێت، یان كۆمەڵگاكانی كۆنترۆڵ، ئەوەی دۆڵۆز وەك كۆمەڵگاكانی پاش دیسپلین ناویان دەبات و میكانیزمەكانیی ئیشكردنی ئەم كۆمەڵگایانەی شیكردووەتەوە، ئەو كۆمەڵگایانەی كە تەنیا لەڕێگەی كۆد و ژمارە و سیستەمی ئەلیكترۆنییەوە دەتوانن بازاڕ و تاك و هتد كۆنترۆڵ بكەن. پرۆژەی "تیریژی شین" وەك هەر شتێكی تر كە پێشتر لە دونیای مەجازی و فیلم و ڕۆمان بوونێكی پێشوەخت و مەجازیی هەبووە ئێستا لە واقیع دا هاتووەتەدی، و ئازادیی مرۆڤ و مرۆڤی داهاتوو بەرەو لێوارێكی ترسناك دەبات، ئەگەر فرۆید پێش چەند ساڵێك دەیوت چەپاندن و سۆپەرئیگۆ نەبوایە پێشكەوتن لە شارستانیەت ڕووی نەدەدا واتە مرۆڤ وزەكانی تری سەرفی كار و هونەر و هتد نەدەكرد... ئەوا لە ئەمڕۆدا ئیتر نە ئیگۆ و نە سۆپەرئیگۆ لە ناوەوی مرۆڤ نییە بەڵكوو هاتووەتە دەرەوە و لە لایەن پێشكەوتنە مەترسیدارەكانی زانستەوە ئاراستەدەكرێن. لەم نێوانەدا نابێت ئەوە لەیادبكەین كە زانست بەتەواوی هاوتەریب بووە لەگەڵ گوتاری ئایدۆلۆژیی سەرمایەدارییدا. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتارێكی گرنگە سەبارەت بە پرۆژەی "تیریژی شین" كە لە لایەن هاوڕێی ئازیز كاروان ئەحمەدەوە وەرگێڕدراوە.

«فازڵ مەحمود»

# وتارەکە:

-سـەرەتا و پـێش ئەوەی بچیـنە نـاو بـابەتەکەوە بە پێویسـتم زانـی زۆر بەکـورتی باسـێک لە ژیـان و کارەکـانی ئەوکەسە بکـەم کە سـەرەتا باسـی ئەم پـرۆژەیە کـرد و هێنـایە نێـو باسـەوە ئەویش (سێرج مۆناست)ە.

سـێرج مۆناسـت لەسـاڵی **١٩٤٥** لەدایکبـووە و لە سـاڵی **١٩٩٦** لە کەنەدا مـردوە. ئـەو ڕۆژنامەنوسـێکی بنجکـۆڵ و شـاعیر و نوسـەرێکی کەنەدی(کێبێکییـە). هەر لە دەسـپێکی ساڵی **١٩٩٠**دا خـۆی تەرخانـدەکات بـۆ نوسـین سـەبارەت بە پـرۆژەی پلانرێـژی سـەبارەت بـە «نەزمـی نـوێی جیهـانی» و پـلانە ئامادەکراوەکـانی دەزگـا نهێنییەکـان بەتـایبەتیش **ئیلومینـاتی**[1]. هەر لەو مـاوانەدا **چەنـدین لێکلـۆڵینەوە** و چـاوپێکەوتن ئەنجامـدەدات و ئیتر بەو کەسە دەناسرێت کە باسی بیرۆکەی **حوکمڕانیی جیهانی** دەکات.

لە سـاڵی **١٩٩٥** ەوە باسـی دۆکیۆمێنتیـک دەکـات بەنـاوی **'**پرۆتۆکۆڵەکـانی تۆرۆنتـۆ**'** کە کتێبـێکە پەردە لەسـەر چـالاکی نهێنـی گرووپێکـی ماسـۆنی بەنـاوی"پرۆتۆکەلـەکانی زاناکـانی سـینۆ[2]" 666" هەڵـدەداتەوە کە بـاس لە نەزمـی نوێی جیهانی و کۆنترۆڵی زەینی تاک دەکات.

تێزەکـانی مۆناسـت زۆر بە نهێنـی بەنـاو ئەنتەرنێتـدا بڵاوبـوونەوە و کاریگەریشـییان لـەسـەر زۆر لایەن و پیـاوانی دینـی دانـا، یەکێـک لەوانەش قەشـەی پرۆسـتانتی ئەمریکـی «تـێکس مـاراس» و «جـاک دولا کـروا» کە ئەمەیـان بە قوتـابی مۆناست دەناسرێت.

---

[1] **Illuminati**

[2]Protocoles des sages de Sion

## -پرۆژەی بلو بیم لە ڕوانگەی سێرج مۆناست:

بەبۆچـوونی مۆناسـت پـرۆژەی بلـو بـیم یـاخود پـرۆژەی تیرێـژی شـین بـریتییە لە سـتراتیژیی ناسـا (NASA) کە ئامـانج لێـی سـەپاندنی دینـی «سـەردەمی نـوێ»یـە لەگەڵ « ئەنتـی کریسـت»، دابەشـکراوە بۆسـەر چـوار قۆنـاغ و لەڕێـگەی خسـتنەگەڕی *«تەکنۆلۆژیـای پێشـکەوتوو لە بۆشـایی ئاسـماندا»*، «تاقە دینی جیهانی» کە ئەمەش نەزمێکی نوێی جیهانی بنیاتدەنێت.

لە **قۆنـاغی یەکەمـدا** کاردەکرێـت بـۆ زاڵکردنـی "جۆرێـک لە تاکـدینی کە هەمـوو دیسـیپلین و گشـت ڕێچـکە و هزرەکـان لەنێـو پـارادایمێکی بەرفراوانـدا قوتبـدات و بەجۆرێکیش بێت کە هەموو لایان بتوانن بەشی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

**قۆنـاغی دووەم** بـریتییە لە نیشـاندانی وێـنەی لیـزەری هیلـۆگرافی زەبەلاح لە ڕێگـای هۆڵـۆگرامە دەنگـی و وێنەیـیە سـێ ڕەهەندییەکانـەوە(D3) لە چەنـدین جیگـای جیـاوازی جیهانـدا. هەرکەسـەو وێـنەیەک کە تەبـایە لەگەڵ بـاوەڕی وڵاتەکەی خۆیـدا بەدەسـت دەگـات. نیشـاندانی ئەم وێـنە هۆلۆگرافییـانە بـۆ ئەوە بەکاردێـت کە وا نیشـان بـدرێت ئیتـر کۆتـایی زەمەن لەنێـوا نەتەوەکانـدا هـاتووە. خەڵکـیش کـە ئەو دیمەنـانە دەبیـنن پێیـان وا دەبێـت کە بەرجەسـتەبوونی غەیـبە، هەروەهـا کۆمەڵێـک ڕووداوی تـر کە هەرتاکێـک پێشـتر ئـارەزووی بـووە دڵنیـابێتەوە لێیـان. ئەو وێـنە دەنگـی و میوزیکیـانە لە لایەن تـۆڕێکی فراوانـی سەتەلایتییەوە نیشان دەدرێن...

"ئامـانجی ئەم نیشـاندانانە بـۆ ئەوەیـە وا لە خەڵکـی بگەیەنـن کە ئەوە "مەسـیحی نـوێیە" مەسـیحی مێترێیـا و سـوترا(کتێبی پیـرۆزی بوودییەکان)ـە. پـڕۆژەی بلـو بـێم- هـاتنی مەسـیح- وا نیشـان دەدات کە ئەمـە ئیشـی غەیـب و پێشـبینییە

کۆنەکـــانە. بە شـــیوەی سینەماســـکۆبی ئاســـمانی نیشـــان دەدرێـــت و پەیـــامی خۆشەویســـــتی بەهەمـــــوو زمـــــان و هەمـــــوو دیالەکتێـــک لەتەواوی جیهانـــــدا بڵاودەکـــاتەوە. لەڕێـــگەی ئەم ئەنیمەیشـــنە مەجـــازییە و ئەو دەنـــگەی کە لەنـــاو قـــوڵایی بۆشـــاییەوە دێـــت، شـــوێنکەوتووانی دیـــنە جیاوازەکـــان، تەنـــانەت ئەوانەشـــی کە زۆر بـــڕوادارن، بەچـــاوی خۆیـــان گەڕانەوەی پـــارێزەر و فریادڕەســـەکانیانن وەک واقیعێکی زیندوو بەچاوی خۆیان دەبینن.

پاشـــان وێـــنەی مەســـیح، مـــحەمەد، بـــودا، کریشـــنا، هتـــد.، لەنـــاو یەک ڕووخســـاردا بەرجەســـتەدەکەن ئەویـــش پـــاش ئەوەی نهێنـــی و نهێنییـــە ئاینییەکـــان ڕوونـــدەکرێنەوە و پەردەیـــان لەســـەر لادەدرێـــت. لەڕاســـتییدا ئەم خـــودا تاقـــانەیە دەبێـــتە ئەنتـــی کریســـت و ئەوە بـــۆ خـــەڵك گەنگەشـــە دەکـــات کـــە هـــەرچی نوســـراوە جۆربەجـــۆرە پیرۆزەکـــان هەیـــە بە شـــێوەیەکی خـــراپ ڕاڤەکـــراون و درکنەکـــراون هەروەهـــا دیـــنە کۆنەکـــان بەرپرســـن لە بەگژداچوونی مرۆڤ و مرۆڤ.
*ئەم فرتـــو فـــێڵە بـــۆ درووســـتکردنی پشـــێویی کـــۆمەڵایەتی ،سیاســـی، کەلتـــوری و دینییە(سێرج مۆناست).*

**قۆنـــاغی ســـێیەم** پێکەوەبەســـتنەوە تێلێپـــاتی (دوورئاگـــایی) لەگەڵ ئەلیکترۆنیـــک، هەر کەســـێک پیـــی وادەبێـــت کە ئەوە خـــوداکەی خـــۆیەتی کە قســـەی لەگەڵ دەکات و لەنێو ڕۆحیدایە.

**چـــوارەم قۆنـــاغ** پەیوەســـتدەبێت بە پیشـــاندانە (میتافیزیکییـــەکان ــ ئـــەودیو سرووشـــت) کە لەلایەن هۆکـــارە ئەلیکترۆنییـــەکـــانەوە بەرهەمـــدێت. **یەکەم پـــیلان** جەخـــت لەوە دەکـــاتەوە کە بـــڕوا بەوە بهێنرێـــت داگیرکـــارییەک کە ســـەرچاوەکەی لە دەرەوەی

زەویــــیەوەیە بۆســـەر چەنـــدین شـــاری گەورەی ســـەر زەوی ڕوودەدات. **دووەم پـــیلان** جەخـت لەوە دەکــاتەوە کە وا لە کریســتیانەکان بکــات بــڕوا بەوە بهێــنن ڕووداوێکــی ســەیر روودەدات" لە ســـەر شــێوەی دەســـتوەردانێکی ســـودمەندی دەرەوەی زەوی بە ئامـــانجی پارێزگـــاریکردن لە زەوی لە هەڕەشـــەی دێـــوەزمەیەکی بێبەزەیـــی". ئامــانجی ئەم کــردەیەش بریتــی دەبێــت لە کــۆکردنەوەی دەســتبەجێی هەمــوو بەرەی دژ بە نەزمی جیهانی (ڕێک پێش دەسپیکی نمایشە ئاسمانییەکە).
پاشــان ڕیگاکــانی پەیوەنــدیکردن بەکــار دەهێنــرێن بــۆ " بڵاوکــردنەوەی هەنــدێک شــەپۆل بە ئامـــانجی نـــاجێگیرکردنی خەڵکـــی لە رووی جەســـتەییەوە و تێکـــدانی تاک و کۆمەڵ".

دەســـتەیەکی درووســـتکراو لە خەڵکـــی هەڵدەســـتێ بە چارەســـەرکردنی کێشـــە لەناکاوەکـــــان، بێگومـــــان ئەم کێشـــــانەش خۆیـــــان دروســــــتکراون.
 پاشــانیش ســەرەڕای ئەمە، ڕووی دڕنــدەیی دیــنە نــوێیە جیهــانییەکە دەردەکەوێــت و ژمــارەیەک لە خەڵکــی بــەئاگا دێــن". کــۆنترۆڵکردنی زەوی " دەکەوێــتە ژێــر هەیــمەنەی چینێــک ( کەســە دینییــە مەزنەکــان) و تەکنــۆکراتە بێبەزەییەکــان کە بەنـــاوی خـــوداوە هەڵســـوکەوتدەکەن". ئامـــانجی ئەم دیکتـــاتۆریەتە بـــریتییە لە کــۆنترۆڵکردنی هەمــوو دانیشــتوان و دەستبەســەردا گرتنــی هەمــوو ســەرچاوەکانی زەوی.

" بەپیــی ئەو ڕاپۆرتـــانەی کە بە دەســـتمان گەیشـــتووە"، پێمـــانوایە ئـــەم شـــتە بە تێکچـــونێکی ئـــابوریی جیهـــانی دەســـتپێدەکات". بە مەبەســـتی ئاشـــنابوونیش " نەزمـــی نـــوێی جیهـــانی میکـــرۆ شیپ (شـــوێنکەوت) یـــان لە ســـەر گیانـــدارە کێوییەکــان، باڵــدارەکان، ماســییەکان... چانــدووە" بــۆچی؟ دەیانەوێــت دڵنیــا بــن "

که بەرگریکـــارانی نەزمـــی جیهـــان نەتـــوانن لە هەرشـــوێنێک کە ویســـتیان ڕاوبـــکەن". بەڵام ئەگەر ئەو بەرگریکـــارانە ویســـتیان ڕاوبـــکەن، " دەســـتبەجێ لە لایەن ســـەتەلایتەکانەوە دەستنیشـــاندەکرێن و شـــوێنیان دەکەون ، زینـــدانی دەکـــرێن یـــاخود دەکـــوژرێن". ئەوانەی کە "نائاســـاییین" یـــان کەڵکیـــان کەمە" ڕەوانەی جێگـــای تـــایبەت دەکـــرێن و ئەنـــدامەکانی لەشـــیان بـــە کڕیـــاران دەفرۆشـــرێن"! ئەوانەشـــی کە دوورنەخـــراونەتەوە بەکـــار دەهێنـــرێن وەکـــو کرێکـــاری کـــۆیلە یـــاخود لە تاقیگەکاندا تاقیکردنەوەی پزیشکییان لەسەر ئەنجامدەدریت ".

ئامـــانج لەم دیکتـــاتۆریەتە کـــۆنترۆڵکردنی دانیشـــتوانی ســـەر ئەم هەســـارەیەیە. بـــۆ ئەوانەیشـــی کە نەزمـــی نـــوێی [ســـەرمایەداریی] جیهـــانی قبوڵنـــاکەن، ڕەوانەی کەمـــپە زۆرە ملێیەکانیـــان دەکـــرێن و هەمووشـــیان بە پێـــی ناســـنامەیەکی نـــوێ جیـــادەکرێنەوە ئەویـــش لە ســـەر بنەڕەتـــی ڕەنگەکـــانی پەلکەزێـــڕینە". زینـــدانیانی دەســـتەی دووەم " بەمەبەســـتی تـــاقیکردنەوەی پزیشـــکی بەکـــاردەهێنرێن" زینـــدانیانی دەســـتەی ســـێیەم (ئەوانە کە تەندروســـتییان لە ئاســـتێکی بـــاش دایە) " لە نـــاو "بـــانکی نیـــودەوڵەتی ئەنـــدامەکانی لەشـــدا" بەکـــاردەهێنرێن"، واتە ئەنـــدامەکانی لەشـــیان یەک بەیەک دەردەهێنرێـــت بەڵام بە زینـــدوویش دەهێڵـــرینەوە" . زینـــدانیانی دەســـتەی چـــوارەم وەکـــو کرێکـــار لە ژێـــر زەویـــدا بەکـــاردەهینرێن. کـــەمپەکـــان و کۆیلەکـــــان لە چـــــاوی دانیشـــــتوان دووردەخـــــرێنەوە. دەســـــتەی پێـــــنجەم ((بێکەڵکەکـــــانن)) " کە پەروەردە دەکـــــرێن بـــــۆ ئەوەی لەســـــەر شاشـــــەی تەلەفزیۆنەکـــان پیشـــان بـــدرێن و (پەشـــیمان بـــوونەوەو بەیعەتـــی خۆیـــان بە نەزمـــی نوێی جیهانی دەربـڕن"! شەشەم دەستەش ئەوانەن کە لەسێدارەدەدرێن".

نوسەری بابەتەکە دەڵێت:

چاوەڕێی زانیاری دەکەین لەسەر حەوتەمین دەستەی زیندانیان. چۆن لە پرۆژەی بلو بێم بڕوانین؟ ئەوەی کە بیستوومانە و بۆمان باسدەکەن ، بە پرۆژەیەکی "ناسا"ی ناوادەبەن و ئەم قسەڵۆکانەش تۆڕەکانی ئەنتەرنێتی تەنیوە. ئەوەش دەزانریت کە گۆمانێکی زۆر لەسەر پرۆژەکانی ناسا هەیە بەتایبەتیش «نیشتنەوە لەسەر مانگ» کە وا باسدەکرێت هیچ ئەستڕۆنۆتێک نەچووەتە سەر مانگ. لەلایەکی ترەوە باسی ئەوە دەکرێت کە ئیلومیناتییەکان دەستیان گرتووە بەسەر پینتاگۆندا...

زانیاریدەرێکی درۆیینە کە چەندین چاوپێکەوتنی هەیە لە گۆڤاری تۆپ سەکرێت دا باسی پرۆژەی بلوم بێم دەکات. لە ژمارەی ٥٨ دیسەمبەری ٢٠١١/ کانوونی دووەمی ٢٠١٢ ی گۆڤەرەکەدا، ئەم زانیاریدەرە باسی ئەوە دەکات کە داهێنەرانی نەزمی نوێی جیهانی وادەکەن بڕوا بەوە بکرێت کە داگیرکارییەکی فرەمەوداو و فرە ڕەهەندی بوونەوەرانی دەرەوەی زەوی لەسەر زەوی ڕوودەدات، بەم شێوەیەش خاوەنی نەزمی نوێی جیهانی دەیانەوێت وانیشان بدەن کە دانیشتوان دەپارێزن و وا لە خەڵک بکەن بروا بەوە بهێنن کە شتانێک لە ئاسمانەوە دێن.